www.kurdistannet.org
17-5-2003 21:43

# بیبیانی بوونی عەرەب لە دوو ڕوانگەی ئاینی و ڕەگەزپەرستیدا

ئارام عەزیز



هەڵبەتە لێرەدا نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ قوڵای مێژووی هەبوونی کێشەی عەرەب لە گەڵ بوونی گەلانی دیکە لە وڵاتەکانیاندا، چونکە بەشێك لە خودی کێشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناڤین و، نەبوونی دۆزێکی ئاشتیخوازانە بۆ ئەو قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ دیدی ئاینی و نەتەوایەتی عەرەب لە نەویستنی بوونی بیبیانی لە سەر ئەو خاکەی کە بە لای ئەوانەوە جگە لە عەرەب و ئیسلام کەسی تر بۆی نییە لە سەری بژی. ئیسلامە توند ڕەوەکان پێیان وایە بوونی" کافر " و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە لە سەر "خاکی پیرۆزی" موسوڵمان دەبێت کاری قەدەغەکراوبێت. بێگومان، ئەو وڵاتانەی کە عەرەبی شۆڤێنیست دەسەڵاتدارێتیان دەکەن، بوونی بیبیانی مانی درکاندن و بوونی سیستەمی دیموکراسی، ئازادی و مافی گەلانی دیکەیە کە دانی پێدانیانی ئەو سیستەمە کارێکی سەخت و نارەوایە بۆ ڕژێمەکانی عەرەب و ئسلام.

ئەو ڕاستیەیش بە باشی لە کاتێکدا ئاشکرابوو کە پروپاگەندەی پلانی گۆڕینی ڕژێمە نادیموکراتیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەرات لە سەر دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی عێراق و سوریا و ئێران، کە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا کەوەتە زارەوە.

هەر لە ڕوانگەی ئاینی و نەژادپەرستی هەندێك لە وڵاتانی عەرەب وە بوو، لە وەتای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەخشەی و پلانی لە دەسەڵات خستنی ڕژێمی سەردەم-ی دارشتووە، تاوەکو ئێستاشی لە گەڵدابێت کە ڕۆژانە کۆمەلانی خەڵکی ئێراق پەردە لە سەر کارەسات و کردەوە ڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی پێشووی بەعس هەڵادەماڵن، وڵاتانی عەرەب و ئیسلام بلوێری بێدەسەڵاتی خۆیان بەرامبەر بە هێزی "بیبیانی-داگیرکەر" لە سەر خاکی عەرەب لێدەدەن.
گەر چی گەلێك لە عەرەبە ئاینی و ناسۆنیالیستەکان لە گەڵ هەندێك لە کردەوەکانی سەدام دا نەبوون، بەتایبەتی دەستدرێژ کردنە سەر گروپە مەزهەبییەکان و وڵاتانی عەرەب، بەلام لە نێوچونی ڕژێمی دژە مرۆڤی بەعس بەزیانێکی مەزنی عەرەب و ئیسلام دەزانن. بێگومان، گەلێك لە وڵاتانی نادیموکراسی-عەرەب و ناوچەکە ترسیان لێکەوتووە کە نۆبەتی" ڕژێم گۆڕین " یان پێبگات، بۆیە یاوەرانی سەدام بۆ پەیدا کردنی پاڵپشتی جەماوەریی لە کاتی شەڕی لە نێوبردنی بەعسدا کەڵکیان لەچەند دروشمێك وەردەگرت. لەوانەیش، " جیهاد لە دژی دەست درێژکەری بیبیانی بۆ سەر خاکی عەرەب و ئیسلام و، بەرەنگاربوونەوەی پاوەندخوازی ئیمپریالیزم، " یان سەرمایەداری ئەمریکا. هەڵبەتە ئەوەی دووەمیان لە بەر چەند هۆیەك ڕۆڵ و بایەخێکی گرنگتری لە نێو کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا هەبوو، چونکە لە لایەك نەیارەکانی ئەمریکا، بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیشەوە، دروشمی دژی ئەمریکایان پێباش بوو، لە لایەکی دیکەیشەوە گەلێك لایەنی و کەسی چەپ-خواز چاوپۆشییان لە گشت کردەوە ڕەشەکانی سەدام کرد و، بانگەشەی جەماوەرییان بۆ دەربڕین نارەزای لە دژی هێزی هاوپەیمانەکان لە مەڕ لابردنی ڕژێمی بەغدا دەکرد.

سەیر لەوەدایە نە ئەو عەرەبە ڕەگەزپەرستانە، نە ئیسلامیە توندرەوەکان و، نەیش ئەو لایەنە چەپانەیش درکیان بەسادەترین پرسیاریاری کورد کردبوو. ! کە ئەوەیش ئەوەیە، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا بەرەیەکی بیبیانی-دەستدرییژکەربوون و تاوانیان ئەوەیە کە بەنیازی داگیرکردنی خاکی گەلێکی دیکە هاتوونە ئەو دەڤەرە، بۆیە ئەرکی تەواویی گەلانی دونیایە کە بەرانگاریان بێتەوە، ئەدی ئەوا ٨٣ ساڵە عەرەب لە دووبەشی کوردستان چ دەکەن و نێوی وان چییە. ؟! من پشتگیری، یان چاوپۆشی لە کردەوە دژە مرۆڤایەتیەکانی ئەمریکا ناکەم، بەڵام لەوانەی کە نارەزا بوون لە لابردنی سەدام بە هێز دەپرسم، ئایا کام وڵاتی عەرەب-ئیسلام، یان مارکسی مرۆڤ-دۆست بوو بە درێژای ئەم هەشتاو سێ ساڵە کە خەڵکی ئێراق، بەتایبەتی کورد ئازاری دەستی ئەو ڕژێمەی چێژت، جارێك هاتنە هانانی گەلی موسوڵمان، یان مرۆڤەکانی عێراقەوە. ؟

گەلانی عەرەب و ئیسلام و ئەو لایەن و، وڵاتە بەنێو مارکسیانە نەك خۆیان تەنها لە داگیرکردنی کوردستان لەلایەن بیبیانیەوە نابینا و گێلل کردووە، بەڵکو ئەوە ٨٣ ساڵە خۆیان لە ئاستی دڕندەترین تاوانی هەردوو ڕژێمی بەعسی عێراق- سوریا لەدژی نەتەوەی کورد، کەڕ ولاڵیش کردووە. وەکو لای هەموان ئاشکرایە، ئەوا چەندین ساڵە ئەو دوو ڕژێمە عەرەبی-بەعسییە ئەوەی لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی دا

www.kurdistannet

نەبوویێت، کیمیاوی باران و ئەنفالیش لە گەڵدا بێت، لە دژی گەلی کورد ئەنجامیانداوە، بەڵام سەد مخابن، تاوەکو دوا وزەی جەمسەری سۆشیالیزم، وڵاتانی کۆمۆنستی، لە سەروی هەموویانەوە سۆڤێت، هاوبەشی تاوانە–دژە مرۆڤایەتیەکانی ڕژێمی عێراق و ئەوانی دی بوون.

ئەگەر ڕژێمی سەرمایەداری ولاتانی ڕۆژهەڵات بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە چاو پۆشیکردن لەو تاوانە نامرۆڤایەتیەکانی سەدام وئەسەد و ئەوانی تر دابوو، ئایا ئەو دەنگە مرۆڤایەتیە ئاشتی و ئازادیخوازە کە ئێستا پەیدابووە لە کوێ نوستوبوو؟؟؟

هەڵبەتە من ڕێزی بێپایانم بۆ خۆپیشاندەرە بەراستی ئاشتی وئازادیخوازەکان هەیە، بەڵام بەتوندی دژی ئەوانەم کە لەژێر پەردەی ئاشتی و مرۆڤایەتیدا کاریان بۆ ڕزگارکردنی ئەو دیکتاتۆرە دەکرد کە خودی سیخۆڕەکانی خۆی بەرگیرلێکردنیان بەناڕەوا زانی. بە درێژای سی–ساڵی تەمەنی، ڕژێمی بەغدا کەم تەرخەمی لە کورد کوشتن نەکرد، بەڵام لایەنە بەناو چەپەکانی عێراق–ئێران درکاندنی ئەوکارەساتانەیان بە کارێکی "ناسۆنیالیستی" و ناڕەوا دەزانی، وەکو ئەوەی کورد مرۆڤ نەبوویێت. !!!

خۆ ئەگەر دژە بییانی بوونی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان لەڕوانگەی ئاینی و ڕەگەزپەرەستی عەرەبیەوە نەبێت، ئەوا گەلی کوردی موسوڵمان لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستاندا لەلایەنی گەلانێکەوە فەرمان–ڕەوای دەکرێن کە بە هەموو شێوەکیە بۆ کورد بییانین. ! یان بەلای ئسلامە توندڕەوەکانیشەوە کورد بە ئیسلام ناژمێردرێت چونکە موسوڵمانی عەرەب نینی. ؟ گەر مەبەستی لایەنە چەپەکانیش مرۆڤایەتی و بەرگریکردن لە مافی گەلانی چەوساوە بوو، نەك بەکارهێنانی ئەو دروشەمە وەکو دەستەواژەیەك بۆ دەربازکردنی ڕژێمی سەدام لەو قەیرانەی کە تێدا دەرباز نەبوو، دەبا کۆمیتەیەکی ئاشتی و مافی مرۆڤ بنێرنە سنوری ئەو وڵاتانەی کە زیاد لە ٤٠ میلون مرۆڤی کوردییان لە سادەترین ماف بێبەشکردووە. کاری چەپی ڕاستەقینەی ئاشتیخوازان و مرۆڤ– دۆستان پشتگیرکردن لە مافی گەلانی ژێر دەستە و چەوساوەیە، نەك ڕژانە سەر جادەکانی ئەوروپا لە گەڵ عەرەبە ئاینی و ناسوینالیستەکاندا بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مانەوەی ڕژێمیك کە مێژوویەکی پڕ لەتاوانی تۆمارکردبێت لە دونیادا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.